**بناء الذات ٢**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

(الحمدلله ربى العالمين* الرحمن الرحيم* ملك يوم الدين* اياك نعبد واياك نستعين* اهدنا الصراط المستقيم* صراط الذين النعمت عليهم غير المغضوب عليهم ولا الضالين).

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه، والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته، لە لیقای ئەورۆمان لە خزمەتتان بەحسی مەداری ئیرادەی خوای، وە هەدەف لە تەواجود لەسەر ئەو کورەی ئەرزە، وە ئەو وەسائیلانەی کە دەبنە سەبەبی تەحقیقی ئەو ئەهدافانە پاشی تەلەمموسی نەتائج لێکدانەوەی هەموو ئەسباب لە خزمەت قورئان ئەوەمان لە بۆکەشف دەبی، کە هەموو مەقسوود لە تەغییر، تەغییری شەڕ لەسەر کورەی ئەرز لەبۆ خەیر، وە هەموو ئیعمار وە هەموو تەوریث وە هەموو تەمکین بە موئمین دەکرێ بەس، ذاتەك مواصەفاتی موعەیيەنی هەیە وە ماددەی تەغیرە لەسەر وجود صیراعی شەیاطین ئینس و جن لەبۆ ئیمتصاص و ئیستغلالی ئەو ذاتەینە، باری تەعالاش جل جلالە حەریصە لەسەر تەکوین و تەنشیئە لەگەری، پاشان حیمایە لە ئەسنای تەکوینی ریعایە هەتا دەیگەینتە موستەوای نەصر، لەو ڕێیە دیفاعیشی لێ دەکا هەتا ئەو ذاتە دەگاتە مستەوای ثەمەرەدان و ئینتاج، ئیذەن بە موختەصەری، ذات، ئەو ذەواتانەی کە مەوجوودن ئەوە نە ئیرادەی خوای لەسەر کورەی ئەرز، هەرچی مەخلوقیشە وەسائیلن لەدەست ئەو ذاتە، هەموو کورەی ئەرز، ئەگەر جائیزبی تەعبیرەکە، عەبدە لە ژێر دەستی ئەو ذاتە، ماددەی موسەخخەرە لە ژێر دەستی ئەو ذاتە، ئەو ذاتەش عەبدە لە بۆ رب العالمین، جا لۆیە هەموو ئیهتیمامی ئێمە، هەموو مەقصەدی ئێمە لە بۆ تەغیر کورەی ئەرز ئەو ذاتەیە فقط، کەینێ ئەو ذاتە بووە موئمین ئەو وەختی ماددەی ئەووەلی تەغیری سەرکەون دروست بوو، لۆیە هەرچی ریسالات هاتبی هەرچی روسول هاتبن لەسەر کورەی ئەرز، لە بۆ ئیجادی ئائەو وەصفەیە بووینە، ذات بکەنە موئمین، طەبعەن کەلیمەی ذات لە قورئان ووتمان بە مەرء هاتیە، مەرء ئەو مەرئە ئەلیف لام راء سکون یاخود هەمزە، المرء نە ك مەرئە، مەرء یەعنی ذات شمولی ذەکەر و ئونثا دەکا کەلیمەی ذاتی زیاتر لە بۆ ئیستعمال بکەین ئەو ذاتە مەقصودی خوایە بلێین ئەوە ذاتەکەبی باری تەعالا هەرچی تەغیر هەیە لەسەر کورەی ئەرز رەبتی بەو ذاتەی کردیە بە واسطەی ئەو ذاتەی شەڕ لەگەل شەیاطین دەکا، شەیاطین حەصر دەکا بە واسطەی ئەو ذاتەی خەیر تەعمیم دەکا لەسەر کورەی ئەرز، ئیذەن باری تەعالا مەقصودی مانگ و ئەستیرەو رۆژ و چیاو هەتتا مەلائیکەت نییە، مەقصودی فقط ئەو ذاتەیە، کەینێ لەو ذاتە ئەو نەوعیەتە دروست بوو، فیعلەن ئەو ذاتە ئیرادەی خوای هینا جێ، کەینێ ئەو ذاتە ئەو نەوعیەتە لەو ذاتە دروست نەبوو، ئەو وەختی دەبتە ئەلەد ئەعدائی رب العالمین، باری تەعالا ئادەمی دروست

کرد، پێشی ئادەم مەلائیکەت مەوجود بوون جەننەت هەبوو ئەمما لەبەر ئەوەی مەسرەحی عەمەلیات ئەو ذاتەیە، ئادەمە، لۆیە حیواری بەینی مەلائیکەت و باری تەعالا لەسەر ئەو ذاتەیە، شەیطان لەسەر ئەو ذاتەی دروست بوو، ئیذەن مەسرەحی عەمەلیات هەمووی ئەو ذاتەیە لەو ذاتەوە ئەوجا دەس پێ دەکا حەلەقات ابا عن جد تەقدیم دەکرێ الی قیام الساعە لەو ذەواتانەیە روسول دروست بووە لۆوەی فیعلەن ببنە واسیطە ببنە جسر ببنە وەسیلە لۆ وەی لە شەیطەنەت ئەو ذاتە ئیخراج کەن دەری بینن ئینقاذی کەن لە بۆ مەرحەمەت ذاتەکان کێن؟ ئەمەینە، لەو ذەواتانە کو و ئەو شەخصە دروست دەبی؟ هەموو ریسالات یەك جوابیان هەیە، بە ئیمان هینان، بە ئیمان هینان فەقەط، هەر لە ئادەمەوە هەتا ئە خیر ئینسان لەسەر وجود بیطاقەی خولوص خالص بوو ن و خولوصی لە شائیبەی شەیطەنەت ئیمان هینانە، کەینێ ئا ئەو ئیمانە دروست بوو ئەو ذاتە فیعلەن لەگەر ئەو وجودە ئیندیماجی کرد، ویحدەك نەوعی دروست کرد لە مەفهومی تەعەببود، کەینێ نیسبەتەن لەو ئیمانەی ئینسیحاب و تەقە للوسی هەبوو ئینکیماشی هەبوو ئا ئەو ئینسیحاب و ئینکیماشە لە مەفهومی عبودیەت هەیتی وەلەسەر وەش حیساب وکتابی لە گەڵ دەکرێ، باشە ئەو ئیمانە کوو دروست دەبی؟ بە تەغیری داخل، ئیذەن هەموو ئموورەکان ئیرادەی خوایە، کەون، پاشان ئیمان دێتە سەر تەغیری داخل تەکوینی ئیمان صیراعەکە لە داخیلی ئینسان، ئیمان عەلامەتەکی موعەییەنی نییە بەواسطەی ئەوعەلامەتە ظاهریەی ذاتی پێ تەشخیص بکرێ و لەبەودەقە (مختبر) دائیرەی ئیمان دابنرێ، حالەك نەوعیە لەناو داخیلی ئینسان مەوجودە ئەو حالە نەوعیە ئیثپاتاتی هەیە لە خارج بە واسطەی ئەو ئیثپاتاتانە کەشفی ئا ئەو ئیمانە دەکرێ لە داخیلی ئەوئینسانە، ئیذەن مەدای نیسبەتی وجودی ئیمان لە ناو داخلی ئینسان ئا ئەو ثەوابتە خارجیانە تەحەککومی پێ دەکرێ ثەوابتە خارجیەکانیش ناوی عەمەلە، لە بەر ئەوەی ئیمان ئینتاجی ئەو عەمەلەی دەکا ئۆتوماتیکیەن ئەو عەمەلە دەبتە صالح، لۆیە قەدیمەنیش لە خزمەتتان بەحسمان کردیە باری تەعالا کەینێ لە قورئان ذکری ئیمانی کردبی عەمەلیشی پێوە رەبط کردیە، عەمەلیشی تەحدید کردیە بە صەلاح (آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)، (العصر٣)، نییە امنوا وعملوا تەرك کا، ئیللا صالحاتی پێوە مەدموجە، سەبەبەکەی چییە؟ ئەو تەغیرە لەداخل ئەو ثەوابتە نەوعیە لە داخل دروست دەکا، ثابتەکە شتەك ئیفراز دەکا لە بۆ خارج مەو قیفەك تەبەییون دەکا تەبینی حالەتەك دەکا ئەو حالەتە عەمەلە، هەر لە ژۆرێ را عەمەلەکە دەستپێدەکا لەژۆرێ را، عەمەل لەژۆرێ ڕا دەست پێدەکا، مەثەلەن ئەوذاتە مومارەسەی دەیەوێ مومارەسە بکا لەسەر صەلات کە دێ صەلات ئەدا بکا ئەصلەن دەبی لەداخیل صەلاتی کردبی، ئیذەن عەمەلیەی صەلات لە داخل مەوجودە ئەو ذاتە تەمرینی لە سەر کردیە مومارەسەی لەسەر صەلاتەکەی کردیە ئیمانەن ئەوجا کەدێ واقیعەن فیعلەن ئەو صەلاتە ئەدا دەکا بەو رکوع و

بەوسجودو بەو قیامەی دەیەوێ مەثەلەن قیتال بکا داخیلەن ئیمانی بەوشتەی هینایە موئمینە پێی، لۆیە ئۆتۆماتیکیەن دەچتەبابی قیتال، لە ئەثنای مەطلەبی قیتال، کوو صەلاتەکەی ئەدا کرد بە ئیقامە بە مەفهومی ئیقامە قیتالەکەش لەوێ ئەدا دەکا بە مەفهومی قیتالی وفقی ئیرادەی خوای کەدەشروا لەسەر عارد وفقی ئیرادەی خوای دەڕوا کوللی حەیاتی دەبتە ئەو عەمەلە صالحە، ئیذەن بالنتیجە دەردەچی ئەو تەغیرە داخیلیە بووە ئەو ذاتە نەوعییە ئەو شەخسیەتە ئەو شەخسییە تەش میفتاح و کلیلی کەونی پێبوو، توانی تەمکین و استخلاف و تەوریث لەسەر عارد ئیجادکا لۆیە بە ئیمامی عومەریان نەدەگۆ رەئیسی جمهوریەی نەجدو حیجاز یان مەلیك، چییان پێ دەگۆ؟ امیر الموئمنین، موئمنین لۆیە تەمەشای هەوری دەکرد دەیگۆ لە کێندەرێ بباری ثەمەرەت دێتە سەر بیت المالی مە، برۆ صین، گۆێمان لێ نییە، پەکی نەبوو، چونکی بیت المال(بیت المال) ی موئمنین بوو، ئیمامی عومەر رئیس جمهوریەی مەلیکی فلان جێ و فلان جێ بوقعەی عەرز نەبوو، کوڕەی ئەڕض هەمووی أمیر للموئمنین، نەك لە بۆ بوقعەك، مەثەلەن مەلیك مەلیکی فلان جێ خۆبەس مەلیکە مالك نییە یەعنی مەئموراتی هەرچی ئەمر دەردەکا لە حدودی مەملەکەتی خۆی ئەمری دەخوا شبرەك لەحدودی مەملەکەت نەقل بی لە بۆ ئەو دیوەی ئەمری ناخوا، دەبتە مواطنەکی عادی ذاتەك رەئیس جمهوریش وەهایە لە حدودی دەولەتی خۆی ئەوامری دەخوا خەطوەك لەحدود بچتە دەرێ ذاتەکی عادی یە، ئیمامی عومەر ئەوها نەبوو امیر المومنین بوو یەعنی ئەمری لەسەر موئمنین دەرۆیشت نەك لە عارد ئیذەن خەتی سۆری سەر خەریتەی نەبوو قووەتی بداتێ جوملەك ذەوات بوون تەغیریان لە داخل کرابوو قووەتی خۆی لە وان وەردەگرت ئەو نەك لە عارد نەك لە کورسی، چونکی ذەواتەکان تەغیر کرابوون لە داخیلیان ئیمانیان لەناو ئیجاد کرابوو ئەعمالیان صالح بوو گێی لێ نەبوو هەور لە کێ بباری چونکی دەزانی عەمەلی صالحی وان کە حەلال بە حەلال دەزانی حەققی خواو پیغەمبەر و موئمنین دەردینی دەینیتە بیت المال ئۆتۆماتیکییەن ئەوە دەگەڕێتەوە، لۆ؟ چونکی ذەواتەکان موئمنین، خیداع و غەشش و...، ئیذەن ئەو ذاتە ئەمری لەسەر کوڕەی ئەڕز دەرۆیشت:

* وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ (القصص ٥).

کێن ئەوانە؟ ذەواتەك لەداخل تەغیر کرابن، واضحە، ئیذەن ئیرادەی خوای لە بۆ کەون، کە هەموو عەبدە فقط ئەو ذاتەیە مەقسود، لۆیە لە بۆ هیچ مەخلوقەك رەسول نییە.. ریسالە نییە.. هیچ مەخلوقەك ماعەدای موئمین هیچ گێتان لێ بووە تەیر رەسولی لە بۆ بێ؟ مێروستان رەسولی لە بۆ بێ؟ خۆ لە ئادەمەوە مەوجودن ئەوانە، چیایەك رەسولەکی لە بۆ بێ؟ نەخێر، نەبووە چونکی مەقسودی باری تەعالانین ئەوانە ان شاءوا او أبوا موئمنین(ائْتِيَا طَوْعاً أَوْ كَرْهاً قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ)(فصلت ١١) هەموو طەوعەن هاتینە هەموو طەوعەن هاتینە ئەوجا موسەخخەرن، یەعنی ئەوانە هەمووی

طەوعەن عەبدن بەس ئەو ذاتە مویەسەرە تەیسیراتی هەیە ئەو ذاتە، فەکەینێ ئیستیعدادی ئەوەی بوو فعلەن ذهنی لەگەڵ فیطرەی قەراری ئەوەیان دا حازر بی لە بۆ تەغییر باری تەعالا حازرە لەگەری، کەینێ ئەو قەرارە نەدرا ذات هەر لە جێی خۆیتی، وعودی باری تەعالاش هەر لە ئاسمانێ مایە نایەتە خوارێ، لۆیە کوڕەی ئەڕز دائمەن دەبی مراوەحەبکا دائمەن، دختۆری سەر کوڕەی ئەڕز موئمینە، هەتا ئەو نەوعە موئمینە دروست نەبی أمنوا دروست نەکا، کوڕەی ئەڕز هەر بەو نەوعەی دەمێنی.. دائمە وەیلات و مشاکل وفتن... الی اخره، من المغیر؟ الموئمن، ئا ئەوە دێ ئیعماری کەون دەکا، عەرز ئیعمار دەکا، ئەوە خیلافەت وەردەگری لەسەر کوڕەی ئەڕز ئەوە ویراثەتی دەدرێتێ، کەینێ؟ پاشی تەغیری داخل، ئیذەن بالنتیجە موحەصیلەمان چییە؟ ئێستا لەو جوملە قسەی سابق ئەوەیە.. هەتا ئەمە داخلمان نەگۆڕین نابینە ئینسانی موئمین، ئیذەن ردێن سیواك.. واضحە؟ وەشتی دیکەش ئەوانە هەمووی تەغیری خارجیە، هەموو قورئان تەئکید لەسەر تەغییر دەکا، تەغییری داخیلیش هیچ وەختەك بە واسطەی تەغیری خارجی تەوفیقات نەبووە، دائمەن عاصمە نەگیرابی ئنقلاب لە عاصمە نەکرابی با موحافظاتی دەست و پێش تەسلیم بووبن، فایدەی نییە، لۆیە دائمە باری تەعالا کە بەحسی تەغیر دەکا بەحسی داخلی ئینسان دەکا، مەثەلەن: کە دەفەرموی (وَلِيَبْتَلِيَ اللّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ) ئیبتلاء لە صەدرە ئەمما(وَلِيُمَحَّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ) (آل عمران ١٥٤) مەداری تەغیر ئیذەن قەلبە، دەفەرمی (فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ) (البقرة ١٠) نالێ (في ذهنهم مرض) (في ايديهم مرض) (في لحاهم مرض) نافەرمی، (فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللّهُ مَرَضاً).

* إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَـؤُلاء دِينُهُمْ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ فَإِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (الأنفال ٤٩).

* يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ الا من اتی الله بقلب سلیم (الشعراء ٨٨).

قلبین، نالێ ذهنین نالێ عەینین نالی سەمعین نا لێ یەدین الا من ئەتا أتی من؟ الله، ئیذەن مەداری تەغیر قەلبە، لۆیە رسول الله محمد صلی الله علیە وسلم دەفەرمێ: رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَقُولُ «(أَلاَ وَإِنَّ فِى الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ. أَلاَ وَهِىَ الْقَلْبُ » الراوی (بخاری). بەحسی جەسەد دەکا هەمووی، ئیذەن ئەو هەموو درووسانەی ئێمە موستەقبەلەن هەمووی لەسەر ئەو نوقتەیەیە هەمووی کوشن مەداری بحوثمان ئێرەیە، ئەو نوقتەیەیە کەینێ تانیمان ئێمە ئەو قەلبە بگۆڕین بەو نەوعییەتەی کە باری تەعالا جل جلالە تەو صیفی کردیەلە قورئان، قەلبی سەلیم، قەلبی مونیب، قەلبی خاشع، وە قلوبی دیکە هەموو مواصەفاتیان هەیە کەینێ ئەوهای لێ هات ئەوجا فعلەن ئەوذاتە موعەددە لە بۆ ریضوان کەینێ موعەد بو لە بۆ ریضوان ئەو

وەختی ئەو ذاتە دەبتە سەبەبی تەغیری وجود، مەفاتیحی تەغیری دەدرێتێ، ئەمما هەتا ئەو ذاتە ئەو تەغیرە نەوعیە لە داخلی دروست نەبووبی، خۆی نەخۆش بی قەناعەتتان هەبی ئەوەی عیلاجیشی بکا بەنەخۆشی عیلاجی دەکا، سەقەتی خۆی لۆوی نەقل دەکا، سبەی جومعەیە هەر لە پاش خولەفاء ئەوراقەکانی خوتبەی جومعەکان هەمووی لەسەر.. لەناو موسلمانان جەمع کەین دەبتە ئەطنان، بەس ئەوراقی خوتبە، ئەمما چی پێ تەغییر کرایە؟ وعاض الی اخره وە سائلی تەغیری ظاهری زۆرە، ئەما لەبەر ئەوەی قلوب تەغیر نەبووە لۆیە ذاتەکە هەمووی هەرچی پێوە بووبی تەغیر شکلی بووە! ئەو حالەتە ئەو ضوعفە لەناو شەباب زۆر زۆر بارز دیارە، ئەگەر صەریح بم لە خزمەتتان ئەنگۆش جیهازتان پێ هەبێ داخلی من کەشف کەن دەزانن لە چ صیراعەکدا دەژیم لەچ ئیزدیواجیەتەك، کە گێمان لە مەئموراتی خوای دەبی، فە ئەوە مەقسوودمانە ان شاءالله کەینێ ئەو جیهازە داخلیە ئەو حالەتەی لێ دروست بوو، هەرچی ئەعظاو وەسائیلی هەیە هەمووی تەغیر دەبن، هەمووی وفقی ئیرادەی خوای حەرەکەت دەکەن نەشاط دەکەن هەتا دەگاتە مستەوای رظوان، ئەمما هەتا نسبیەتە نەوعە موعاناتەکمان هەیە، زەحمەت هەیە، ئیحراج هەیە ئیبتیلائات هەیە، هەتا ئەو نسبیەتە لەو ئیمانەی مەوجودبی، هەتا ئیمانەکە بەرەو ضەحالەت و سەطحیەت دا بڕوا، کەمبوونی ئەو ئیمانە ئینسانەکە زیاتر موبتەلاترە، ئەوە بوعدی نەظەری مەوظوع، بەصەراحەت پێتان دەرێم برایانم زەحمەتترین موهیمەیە ئەوە، قەناعەتتان هەبی هەیبەت سولطان کون کەن بە دەست سەهل ترە! بە ئاشکرا پێتان دەرێم تەغیری داخل لەنەفەق دروست کردن زەحمەتترە، مەخسەدم ئەوە نییە بتان ترسێنم ئەمما فیعلەن جوهدی دەوێ، زۆر سەهلە ئێستا کابرایەك بێتە ئێرە لە پێشمان موقەددەساتمان تەوهین کا هەستین دیفاع لە موقەددەساتی خۆمان بکەین، هی دینی، کابرا بمانکوژی زۆر سەهلە ئەوە زۆر بەسیطە، ئەمما ئەو تەغیرە نەوعیە لە داخل زۆر زۆر زەحمەتە، ئەو حالەتە زۆر سەهلە ئەمن خۆم هەموو بەدەنم تەلغیم کەم بچم لە جێیەك تەفجیری کەم زۆر سەهلە قەرارەکە، ئەمما قەراردان لە بۆ تەغیری داخل جوهدێکی زۆری دەوێ ئیمکانییەتێکی زۆری دەوێ، نوقتەی یەکەم رەئیسی کە پێی دەوێ صدقە، ئینسان جاری یەکەم لەگەل خۆی صادق بی شەخصی خۆی، کەینێ لەگەل خۆی صادق بوو لەگەل (الله)ی نسبەتەن صادق دەبی، زۆر جار وەبووە ئەمە خۆمان لەبۆ زۆر زۆر ئمور ئیقناع کردیە! لەبۆ زۆر ئمور!

مەثەلەن: دەکرێ ئەمن ئێستا بلێم ئەو جەوە گەرمەی کە موحتەمەلە دەرەجە حەرارە نزیکی سی و قسور بی خۆم وە لە خۆم بکەم نەخێر جەوەکە فێنکە.. خۆشە داخیلیەن خۆم ئیعداد بکەم کە جەوەکە فێنك و خۆشە، نەفسییەن ئارەقەم کەم دەبی، ئەمما فێرە لە خۆم دەکەم، دەمەوێ فەسڵ دروستکەم بەینی خۆم و بەینی بیئە، کە شەکوام هەیە لە حەرارەت ئە ئەو حالەتە ئیزدیواجیەتە بەینی حەقیقەتی

گەرمایەکەی لەگەل فێنکیەك کە خۆم دەمەوێ تەصەنوعەن دروستی کەم لە داخلی خۆم، ئائەوەیە عەکسم کردیە لە سەرخۆم، زۆرجار لەگەر باری تەعالاش، ئائەوەیە موعاناتمان لۆیە زۆرجار مەثەلەن ئەو طاعەتەی کەدەیکەن لایەزال دەیکەین پێوەی موهتەم نین پێوەی موبتەلاین، ئەو پێمان موبتەلایە ئەو طاعەتەو عیبادەتە بەمە موبتەلایە، چونکی ئەو عیبادەتانە هەمووی حەقائقی خۆی هەیە رۆژی قیامەت، هەمووی بەحەقیقەتی خۆی دێ خۆی قسان دەکا ئەو عیبادەتە، لەبەر ئەوەی لەگەر ذاتی باری تەعالا ئەو صیدقە نەوعییە نەبووە، لۆیە نسبیە چەند نوێژێ دەکەین نسبیەتی تێدایە دیارە حەدیسی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) صادقە تێیدا (رب مصل لیس من صلاته الاالعشر) یەك لە دە (رب مصل والصلاة یلعنه)، بەرێ یاما نوێژمان کردیە (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) (الفاتحة ٥) فکریشمان لەجێی دیکەیە، دەزانن شعور لە ئەسنای تەلەفوضی ئەو کەلیماتانە چەند شعور مەوجود بی ئەوەندە مەلائیکەت دەینووسی، کو ئەتوو بەرامبەر جیهازی ئەشیعە ئەشیعەی ئێکس لە بۆ سینگ کە وەردەگیرێ یاخود ئێستا جیهازی سونار جیهازە دادەنرێ لە سەر مەعیدەت و مەعیدەی خۆت دەبینی لە تەلەفزیۆن، قەناعەتتان هەبی مەلائیکەت ئەوهایە لە پێش چاوی جیهازی ئەعمالی مە، لە ناو عومقمان مەوضوع چەند حەقیقەت و صدقی هەبی ئەوەندە حەقیقەتی لە خارج مەوجودە، با ئەمن هەرسەرم شۆرکەم لە ناو نوێژێ دەستم ئەو ها لەقورگم چەند سانتیمەك یا برند یا چەند سانتینەك خوارێ، رۆژێك ئیمامی عومەر نەفەرەك ئەوها نوێژی دەکرد هەر بەدار ئەها وتی خشوع لە دەست گرتن و لە سەر شۆر کردن نییە، کەینێ داخیلت شۆر بوو سەری شۆر کرد لە بۆ باری تەعالا ئەو وەختی ئەوە مصداقیەت و حەقیقەتی هەیە لە ظاهرت، ئەو صەحابی مایسمی بالصحابی نوێژی دەکرد المسیء صلاته لە بوخاری و موسلیم مەوجودە (صفة صلاة النبي الباني) کردیتیە رەمزەك لە مەوضوع پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تەماشای نوێژەکەی دەکرد ئەو نوێژە چەندی قبولە؟ سێ جار نوێژەکەی پێ تکرار کردەوە (صلی الله علیه وسلم فَرَدَّ رَسُولُ اللَّهِ صلی الله علیه وسلم السَّلاَمَ قَالَ « ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ »)(رواه مسلم) رکوعیشی دەکرد قیامیشی دەکرد.. دەچووە سجوودیش تەحیاتیشی خیند سێ جار پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (فانك لم تصلي)، ئەگەر نوێژ ئەوهابی باشە عیباداتی دیکە باشە قورئان خیندنمان باشە رۆژی گرتنمان باشە الی اخرە، ئەمە ئەمەینە، لۆیە وەزعمان ئەوهایە هەر ئەمەینە سبەینی دەچینە نوێژی جومعەی، وەنییە؟ ئەوە برۆ کن مامۆستا مەلا فلانی سبەی هەزارو پێنسەت نەفەر نوێژی لە کن دەکەن، (سەید فلان) هەزار نەفەر نوێژی لەکن دەکەن هەر ئەوەندە کافی بوو لە بۆ هەموو هەولێرێ (إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ) (الأنفال ٦٥)، صیفەکە صیفەی ئیمانییە، نالێ وەئەییەکونە عەظەلاتوهوم کەذا وە ئەییەکونو رەبباعینە هەددافینە، نا، بەس ئەوەی داخلی دەوێ تەغیری داخلی فقط، ئوتۆماتیکیەن

تەوفیقاتی خوای دێ ئەمما (الآنَ خَفَّفَ اللّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفاً ً) (الأنفال ٦٦)باشە ظوعفی بەدەنە؟ٍ نەخێر ضوعفی داخیلە، لۆیە قەناعەتتان هەبی بە هەموو صەڕاحەت دەڵێم ئیرادەی خوای لە سەر کوڕەی ئەڕز لە بۆ موئمنە فقط، لە بۆ موسلمانی نییە، فقط موئمنە موسلمانەتی حالەتەکی قەلیقە (سريع التغيير) ە دەبی ئینتقال ببی لە بۆ دائیرەی ئیمان نەخۆ ذاتەکە، لۆیە هەر تەمەشای خۆمان بکەین ئەمەی شەبابی صەحوە دوو سێ رۆژ ذاکرین دە رۆژ غافلین بیست رۆژ غافلین چونکی ذیکرەکە ئوتوماتیکیەتەو ئەوها لێ راهاتینە ئەوها بەو نەوعیە وەرمان گرتیە، ئەمما ذیکرەکە وفقی تەغیری داخل بی داخل ذیکری بکا، ئەوجا خارج تابعی ئەو داخلەیبی نوێژێش دەکا لە بۆ ذیکری خودای (وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي)(طه ١٤). فە ئەو هەموو لیقائاتانەمان ئەوە مەقصودمە وانالست بخیرکم، نەخێر ئەمنیش لێرە مەوجودم بە واسطەی ئەنگۆ ان شاءالله خوا تەوفیقەکم دا ان شاءالله ئیمان و تەقوای ئێوە ببێتە سەبەبی بەرەکەت لە بۆ منیش، ئەمنیش ان شاءالله موراجەعەی خۆم بکەم ئەوە مەقصودمانە، ئەوجا مانگەکە.. ساڵەکە.. دەساڵە هەتا نەگەینە ئەو مستەوایە فایدەی نییە، کەینێ ئەو حالەتە دروست بوو ئەوجا باری تەعالا مەفاتیحی جەننەتمان تەقدیم دەکا، ذەواتەك بە هەشت مەرحەلە باری تەعالا لێیان ڕازی بووە، ئەها عەشەرەی موبەششەرە ئەوە هەر لە ناو مەککەنە عەشەرەی موبەششەرە مەککینە، پاشان وەرە سەر پێشی وان مەجموعەی خولەفاء چوار صەحابەی کە لەگەر پێغەمبەری شەشن ئەوانە هەر پێشی عەشەرە، پاشان دەبنە دەنەفەر کە مەرضیون عەنهوم، پاشان لە غەزوەی بەدر هەمووی ئەوەی موشارەکەی غەزوەی بەدری کرد هەمووی رضي الله عنهم وارضاهم دائرە کە واسع تر بوو (لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحاً قَرِيباً) (الفتح ١٨) هەزار و قسور صەحابی ئەوجا پاشان عەدەدەکە ئەوەی کە لە قیتال شەهید بووە ئەوەی لە فلان جێی شەهید بوو یەعنی بە مەراحل ئەوانە عەدەد عەدەد دائیرە دائیرە قەطیەکە زیاتر بوو، باشە هەموویان بوون؟ نەخێر لۆ هەموویانی شمول نەکرد چونکی تەغیرەکە داخلی شمولی هەموویانی نەکردیە داخلی هەموویان نە گیشتە ئەو مستەوایەی فعلەن ئەوە الی قیام الساعة، ئەوە قانونە و ماشیە دەروا هەتا دونیا دونیایە قورئان فەعالییەت ئوممەی(محمد)ی دەبی بمینێ، فە لۆیە ئەو حالەتەی ئینتیزاری مەش دەکا، ئیذەن تەغیری داخل لێرە ئەصلە لەکن مە وەمەقصودە کەینێ ئەو تەغیرە نەبوو مەظاهر ئەوەندە ئیعتمادی لە سەر ناکرێ، وەکو عەرزیشم کردن تەغیرەکە زەحمەتە، موتابەعەی نەوعی دەوێ جوهدی موعەییەنی دەوێ، یەعنی وەکو عەرزم کردن صەراحەتەن نەك لە بۆ تەخویف ئەمن حەقیقەت قسەتان لەگەر دەکەم لە هەیبەت سولتان کون کردن زەحمەت ترە، فە هەتا ئیستعدادەکەی بیدایەتی کە لە خزمەتتان دانیشتم مولاحەزەمان ئیشارەتمان لە بۆ کرد هەتا ئەو ئیستعدادە مەوجود

نەبی، کە ئەصلەن خودا پێوەمانی خەلق کردیە مەخلوقین پێوەی، پاشان ئەو حالەتە وەکو مادده ئەووەلیەکەی ئاسن سریع التفاعل نەبین لەگەل مەوزوع جوهدی موعەییەن صەرف نەکەین لە بۆی وەکو ماددەك مەترووك موهمەل مەوضوع دەمینێ، ئەو قورئانەی کە ئیستا مەوجودە زەمانی پێغەمبەریش هەر ئەوەمەوجود بوو ئەمما ذەواتەکان موختەلیفن، ذەوات موختەلیفە، چونکی ذەوات تەعامولی لەگەل قورئانەکەی گۆڕایە، عەوام قسەکی هەیە زۆرجار دەرێ دونیا گوڕایە، نەخێر ذات گۆڕایە، نەفسی عارد نەفسی ئاسمان نەفسی مانگ نەفسی رۆژ نەفسی چیایەکانە، ئەمە گۆڕاینە ئەمە لە بۆ خراپەی گۆڕاوین، فە ئێستا دەبی ئیستعدادمان هەبی لە بۆ چاکە بگۆڕێین، گۆڕینەکەش ظاهری نییە گوڕینەکە داخلییە، فەلۆیە تەغیری ئەو داخلەی جوهدی زۆری دەوێ، فە بەمن هەموومان وەکو لە پێشی لیقائی یەکەم دروست ببی ئیستعدادی خۆمان دەربڕی لە بۆ ئەو حالە موعەییەنە، بەمن دەبی هەمو وەقتەك ئەو حالەتە لە ذهنی خۆمان ئیعادە بکەین، چونکی شاحینەك هەیە لە ژۆرێ ئائەو حالەتە شەحن دەکا، ئەو وەضعەی کە خودا دەیەوێ جل جلالە ئیعدادی دەکا ئەرضیەی لە بۆ دروست دەکا فیعلەن لە بۆ وەی ئەو حالەتەی کە خودا دەیەوێ ئیرادەتەن بێتە جێ، دەچینە خزمەت قورئان، نوح علیه السلام یەکەم رەسولە تەماشای موعاناتی بکە لەگەر ئوممەتی، بەتەسەلسول وەرە خوارێ هەر لە خزمەت قورئان زەمەنەن لە بۆ سولیمان لە بۆ داود، یونس یوسف پاشان هەتا زەمانی حەزرەتی موسی، عیسی، محمدٍ علیهم جمیعا الصلاة والسلام هەموویان نەفسی عەمەلیەیان کردیە، هیچ ئیختلاف نەبووە، هیچ وەختەك ذات بە زۆر بە تەجمیع بە ئیلحاق نەبوویتێ، مەثەلەن: لە قیصەی داودو جالوت تەماشا بکەن چەندجار ئەو مەجموعەیە تەمحیص کراینە بەٍ ئیبتلائات بەحسی طاغوت و بەحسی نەهرو فەمەن شەریبە هو هو(إِنَّ اللّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلاَّ مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ) (البقرة ٢٤٩) ئەوە هەمووی لۆ؟ ِباری تەعالا داینایە ئەو ذاتە لەو ئاوەی نەخوا، نابی بخوا تێنیشیتی قیچەك مایە بخنکێ چ جیهازەك مانعیتی فعلەن لە پە نایەکی ئاوەکەی نەخوا، نییە چ جیهازەك نییە ئیللا دەبی داخلی ئیعداد کرابی، لۆیە بەحسی نەتیجە نییهائیە کێ لە نیهایەتی مەوضوع دەفەرمی: (كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ) (البقرة ٢٤٩) (قَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ)(البقرة ٢٥١) بەواسطەی وانە ئەو نەوعیەتانە بوون ئەوانە داخلی لە بۆ حەوائجی خۆشی ئەوەندە تەمرینی کردیە ئەوەندە لەگەل خۆی مەشغول بووە بتانی سەیطەرە و سەطوەی لە سەر حاجەی خۆشی هەبی، بتانی حاجەی خۆی بگری ئەگەر حاجەی ئیلحاحی بگاتە قیممەش ئەوەندە مومارەسەی کردیە ئەو ذەواتانە هەموو ئەوها بووینە، تەماشا بکەن ئەو تەوابعانەی کە لەگەل موسی

بوون(فَلَمَّا تَرَاءى الْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَابُ مُوسَى إِنَّا لَمُدْرَكُونَ) (الشعراء ٦١) (قَالَ كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ) (الشعراء ٦٢)، نەيفەرموو ئەنگۆش لە گەر من لۆ؟ چونكی تەغير لە داخليان بەو نەوعەی نەبووە، لۆيە كەچوونە ئەو ديوی تووشی شيرك بوون، خۆ دەولەتيان هەبوو ئيستخراج كران خودا حفضی كردن دەرچوون ئەما چونكی پێغەمبەرەكەيان جيهازی پێيە تەمەشا دەكا ئەوانە لەو موستەوايە نينە لۆيە لەو ديوی لە ئيبتلائی ديكە قورتار نەبوون فەوتان بە واسطەی سامری به واسطەی (بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا بِهِ) (طه ٩٦) تەغيری داخل ئەصلە، هەر صەحابە بوو بووە سەبەبی ئيبتلاء لە بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، لە غەزوەی ئوحود تەماشای قورئان بكە بە ئاشكرا باری تەعالا زۆر بە مەكشوفی بەحسيان دەكا كە دەفەرمی:(حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ) (آل عمران ١٥٢)كەليمەكی زۆرە (حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ) طەبعەن ئەوە نەتيجەی نيهائيە ها، لۆ مەرحەلەی قەبلی نيهايە (وَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ) (آل عمران ١٥٢) لۆ؟ لۆ ئەو تەنازوعە دروست بوو (وَعَصَيْتُم) باشە لۆ ئەو عصيانە دروست بوو؟ (مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ) لۆ ئەو حالەتە دروست بوو؟ (مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الآخِرَةَ) (آل عمران ١٥٢) صەحابيش بوون، هەتا ئيمامی عومەر و ئەوانە گوتيان (اننا هذا)؟ پێيان غەريب بوو مادەم لە خزمەت پێغەمبەرينە ئيذەن دەبی هەموو وەقتەك وعودی خوای بێتە جێ، باشە قەيدی ناكا، پێغەمبەر و جەمعی صەحابەی كرامی خاوێن وئەنقيائو ئەتقياء لە خزمەت پێغەمبەری بوون ئەمما عەدەدەكی ديكە لە ناو صەفی وان بوون ئەوان لەو موستەوايە نەبوون لۆيە:

وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ (آل عمران ١٥٢)

ئيذەن (وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ) ئەگەر عەفووی نەكردبان باری تەعالا والعياذ بالله دەبا چ نەوعە عقوبە بێتە سەريان وەكو سامری و وەكو ئەوانە تووشی دەبوون، ئەمما چونكی ئيستعداديان دەربڕيبوو بابە لەو ئمتيحانەی فەشەلمان هينا موستەعيددين لەگەر خۆمان جوهد صەرف كەين تەمرين بكەين اعدادی خۆمان بكەين، ديسان هەرچی ئەمراضی داخلييە هەمووی فڕەدەين دەرينين، لۆ وەی فعلەن لە مستەوای ئەوانی ديكەبين كەوا لە بەدر موشارەكەيان كرد ئەو قاددە جاريە الى قيام الساعة، فە لۆيە ئەوەی كە ئەوان تووشی بووينە موحتەمەلە صەدەهای وەكی مە تووشی ببی و ئيعادە ببتەوە و ئيعادە ببتەوە، ئەمما ئەگەر بێتوو فيعلەن ئەو ئيستعدادە نەوعيە و وەسائيلی تەغيير ومادەی تەغير و ئەهدافی تەغيير وە جوهد صەرف بكرێ لە بۆ وەی، قەناعەتتان هەبی بە هەموو تەوكيدو تەئكيدەك

دەرێم ئائەو کاوەیە ئەو سەفینە موحتەمەلە لە صەحابیەکەی تێپەڕێنی ببتە ئائەو ذاتە نەوعیە کە فیعلەن عهود ومەواثیقی باری تەعالای بەواسطەی وی بێتە جێ ببتە ئەو ذاتە فعلەن باری تەعالا لێی مولائم ببینی بەو شەخصەی دابنێ کە ببتە وەریث (ٙوَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ)(الأنبياء ١٠٥) لەوان ببی ببتە ئەو ذاتە تەمکینی ئەرزی پێ بدرێ (وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً) کێ دەیکا (يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً) (النور ٥٥) شەیئ، نەك ئەحەدا (لانشرك بربنا احدا) نییە شەیئا، یەعنی دەواخیلیانِ ئەوەندە تەصفیەو تەنقیە بووە شەیئ هیچ نسەب نەمایە صاف بووە شەیئی تیدا نییە غوباری تێدانییە، چونکی کەینێ ذات و مەوضوع تێکەڵ بوو شیرکە، کەینێ دین وشەخص تێکەڵ بوو شیرکە، لۆیە دەبی ئەوە ئیعداد بکرێ، ئەوجا مەداری لیقائاتمان هەمووی ئەو نوقتەیەیە تەرکیزاتمان هەمووی لە سەر ئەو مەوزوعەیە، لەگەل یەکیش صەریحین ان شاءالله صادقین، قەوائیممان هەیە دەفتەرمان هەیە هەریەك لە مالێ خۆی لە خۆی تەماشای خۆی دەکا ئەعراضی تەغیرتان چەن تێدا مەوجود بووە ماددەی تەغیر چەند تێیدا مەوجودە فیعلەن تانیتی ئیستنفاذی وەسائیلەکان بکا، وە ئەگەر تەغیر نەبووە شتەکانی کردیە لۆ نەبووە؟ خەلەل لە مەوضوعە یان خەلەل لە ذاتە؟ واضحە؟ ماددەمان هەیە شەخص وفقی ماددە خۆی موراجەعە دەکا زەمەنیش هەیە جوهدیش هەیە وەکو کابرای ریاضی دەمانەوی رەبباع دروست کەین ئاسن هەرگر ئەوەندە کەمییە خواردن دەخوا شیر و گوشت و فلان، ئەوەند سەعاتەش ئەو نەوعە تەمرینە دەکا پاشان دەچیتە کن مامۆستای خۆی یان بەرامبەر نەینوکی تەماشای عەضەلاتی ئەوەی خوی دەکا چەندی پێ هەڵدەگیرێ لەو ئاسنانە بەمستەمری ئەگەر هاتوو پێی هەڵنەگیرا دەبی مراجعەی دکتوری بکا، واضحە؟ هەمووی بە مەکشوفی هەمووی بەمعیاری خۆی ئەوە لێرە ئەوەی لەسەر مەیە دەیکەین، ئەدی خودا؟ وەنییە ئیستا لە گەرمانە لەخزمەتینە قەناعەتتان هەبی کو ئەنگۆ ئیستا گێتان لە منە ئەویش ئەوها گێی لە منە دەققاتی قەلبتان و قەلبم هەمووی تەصویر دەکاو ئاگادارە لێمان، ئەویش ئەگەر لێرەش نەبووین لە مالێش بین لە گەلمانە، ئەوجا تەوفیقات ئەوجا ریعایە دەفەعات عینایاتی موعەیەن، هەمووی یەك بە یەك جێی مولاحەضاتە، مەثەلەن: کە بەحسی ئیطمئنان دەکا، باری تەعالا لە کتابی خۆی الله اکبر خودا بە نسییمان کا، بەحسی انشراح دەکا، انشراحی سەدر ئیطمئنانی نەفس سەلامەتی قەلب، ئەوجا ئەو ذاتە نەوعیە دروست دەبی.

یارەبی لۆ خاتری سەمیع و بەصیری خۆت ئەو نەوعە ئیمانەمان بەنسیب کەی ان شاءالله هەرچی ئەسباب وەسائل هەیە ان شاءالله خودایە بەنسییمان بکەی، تەوفیقمان بدەی لۆخاتری گەورەیی خۆت ئەو جەمعە موئمینە کیرامە لە ئادەمەوە هەتا خاتەم هەتا هەموو ئینسان لەسەر ئەو وجودەی لەبۆ خاتری ئیمانی وان لە بۆخاتری نەوعی ئیمانی وانِ کە ممی ئیمانی وان لە بۆ خاتری

مەحەببەتیان لەبۆتو، یارەبی هیدایەتمان وەکی هدایەتی وان لێبکەی، یارەبی ئەسبابی تەمکین و تەوریث پێمان تەحصیل بکەی.

أقول قولی هذا وأستغفرالله لکم، وسلام علی المرسلین، والحمدلله رب العالمین.